# فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕۆتەر، ناوەندی بەرزەفت و متمانەی کۆمەڵایەتی

محەمەد تەها حوسێن

جۆلیان ڕۆتەر لە ١٩١٦ لە برۆکلین لە نیویۆرک لە دایک بووە و تا ٢٠١٤ ژیاوە، یەکێکە لەو دەروونناسانەی پەرەی بە تیوری فێربوونی کۆمەڵایەتی دا و پێی وابوو کەسێتی مرۆڤ تا ئەو دەمەی تاک توانایی فێربوونی مابێ لە گەشە ناوەستێ.

فێربوون لای ئەو بەستراوەی پێوەندییەکانی تاک بە ژینگەوەیە و مادام مرۆڤ لە توانایی وەرگرتنی زانیاری بەرخوردارە و هەمیشە خۆی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە پەرە پێ دەدات و ئەگەرەکانی ڕوودانی ڕەفتار و پێشبینییەکانی بۆ دەرکەوتنی ڕووداوە ڕەفتاری و دەروونییەکان دەوەستنە سەر نرخ و بەهای ئەو هاندانانەی ئەو لای خۆیەوە پێشبینییان دەکا، هەر کاتێ ئەوەی ئەو دەیەویست ڕووی دا، ئەوە لە بەرانبەردا دەسکەوتێک وەک هاندان چاوەڕێیەتی، ئەمەش لە خۆیدا هونەری کۆنترۆڵی ڕەفتارە، ئەم هونەرەش بێ گومان لای ڕۆتەر بە فێربوون و پرۆسێسەکانی پەروەردە و مەشقکردنەوە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بەستراونەتەوە.

جگە لەوە ئەم ئەگەردانان و چاوەڕوانی و پێشبینیانە لە هەلومەرجێکەوە دێنە ئارا کە کەسەکان لە نێو کردە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بن، هەر ئەم فاکتەرە کۆمەڵایەتییەش هۆکاری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دنیایەک بارودۆخی دەروونین لای تاک.

**تیوری فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕۆتەر لەسەر پێنج ئەگەر وەستاوە:**

* مرۆڤ لەگەڵ ژینگە ماناداره‌کانی خۆی مامەڵە دەکات، لەوەشەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێ کە ژینگە لای ئەو تایپە تیوریسیۆنانە بابەتگەلێکە لە دەرەوەی خودی تاک و تاکەکان لای خۆیانەوە لەگەڵیان دەکەونە کارلێک و پێوەندییان لە فۆرمی جیاجیادا لەگەڵ دەبەستن، ئەم

پێوەندییانە دیالێکتیکی جووڵە لای مرۆڤ وەدەردەخەن و ئەوەمان پیشان دەدەن کە فێربوون دەکەوێتە نێوان کارلێکی ئەم خود و بابەتانە و توخمی مەعریفە لەو نێوەندگیرییەدا کەسێتیمان بۆ پێناسە دەکا، لەو حاڵەتەشدا هەم ژینگە کاریگەری بەسەر کردەی فێربوون هەیە و هەمیش توخمی مەعریفە ڕۆڵ لە سازکردنی ژینگەدا دەبینێ بەو ئاراستەیەی عەقڵی تاک هەڵیدەسووڕێنێ و بنیادی هۆش و عەقڵی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێ.

* ئەگەری دووەم ئەوەیە کە کەسێتی مرۆڤ لە فێربوونەوە پێک دێت و وەرگیراوە، لەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بە تەنیا لە هیچ قۆناغێکی گەشەدا کەسێتی بەیەکجاری ناچەسپێ و تا تاک توانایی فێربوونی هەبێ، گۆڕان لە کەسێتیدا هەر لە ئارادا دەبێ، کەواتە لەو سۆنگەیەوە فێربوون پەیوەستە بە بەردەوامی چالاکی نواندن لای تاکەکان خۆیان و چالاکبوونیش هەوڵی لەدوا یەکن بۆ دەستکەوتنی زانیاری کە کردەی فێربوون لە بنچینەدا پێویستی بەم زانیارییانە هەیە.

* ئەگەری سێیەم ئەوەیە کە کەسێتی یەکێتییەکی ڕێژەیی هەیە و تا ئاستێک وەک یەکەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە، بەو مانایە بێ کەسەکان لە فۆرم و گەوهەری کەسێتی دیار و جیاکراوەدا تا ماوەیەکی درێژ هەڵگری خەسڵەتی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام بەو مانایە نا کە ناکەونە ژێر کاریگەری کارکردە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانەوە و مادامەکێ کەس تا بژی و تا بەردەوام بێ، ئەوە کردەی فێربوون بەردەوامە و زیاتر زانیاری و شارەزایی کۆدەکاتەوە، بەمەش بانکی زانیارییەکانی پڕتر دەبن، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسێتی ئەو دەبێ و بەردەوام پەرەدەسێنێ و گەشە دەکات.

* ئەگەری چوارەم ئەوەیە کە هاندەرەکان ئامانجدارن، ئەو لەگەڵ ئەو ڕایە ناکۆکە کە پێی وایە بۆ دابەزاندنی شڵەژان، یان گەڕان بە دوای چێژ، کەسەکان هەمیشە لە هەڵچوونداان، ڕۆتەر وا دەزانێ کە تاک چاوەڕوانە ڕەفتارەکانی بەرەو ئامانجە پێشبینی کراوەکانیان بجووڵێن، بۆ نموونە قوتابیان بۆ گەیشتن بە بڕوانامەی دەرچوونیان تا ئەو دەمەی بەدەستی دێنن، چەندان هەوراز و نشێو و گوشار و کێشەیان دێتە ڕێ، بەڵام دوای وەدەستهێنانی ئارامییەک سەرتاپایان دەحەسێنێتەوە، کەواتە لای ڕۆتەر هۆشیاری و زەینی تاک لە هەنگاوەکانی بەرەو فێربوون و وەدەستهێنانی مەرامەکانی کەسەکان پێش هەڵچوونەکان دەکەونەوە و دەبێ تاک بەردەوام ڕەفتارەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات،



جولیان ڕۆتەر

یان هەڵسوکەوتەکانی خۆی لە ژێر چاودێری و بەرزەفتی خۆیدا بن.

* ئەگەری پێنجەم ئەوەیە کە کەسەکان توانایی ئەوەیان هەیە پێشبینی ڕووداوەکان بکەن، چون هەر هەنگاوێکیان پەی پێ براوە و ئەوان لە سۆنگەی پێشبینی و بەهای ئەم پێشبینییەوە چاوەڕوانی ئەنجامی ڕەفتارەکانیانن، هەر بۆیەش ئەو توانایییەیان هەیە لەو لێکدانەوانەیاندا وێنەیەکی ئیدراکی ڕووداوە ئاییندەییەکان بکێشن.

لەم پێنج ئەگەرەوە جۆلیان ڕۆتەر تیۆرەکەی خۆی بۆ کەسێتی سازکردووە، هەر بۆیەش چەمکە بنچینەییەکانی تیۆرەکەی بەم نێوانە ناوناوە:

– ئەگەری ڕەفتار behavior potential، ئەو ئەگەرە پێمان دەڵێ کە وەڵامێکی تایبەت لە کات و شوێنێکی تایبەت ڕوودەدات و دەردەکەوێت. بۆ نموونە کاتێ دەتەوێ بچیتە شوێنێک تا گەیشتن بەو جێگایە چەندان هەڵوەستە و ڕەفتاری جیاجیا ڕوودەدەن، بەڵام یەکێک لەو ڕەفتارانە لە هەموویان دیارترە کە ئەو نیشانی دەدا ئەو کەسە دەیەوێ چی بکا، بەو مانایە هەر ئەگەرێک بۆ دەرکەوتنی ڕەفتارێک زیاتر بە نمایشکردنی، یان نواندنی ڕەفتارێکی زاڵی دیاریکراوەوە دەناسرێتەوە و پێشبینی دەرکەوتنی دەکرێت.

– بەهای هاندان reinforcement value، ئەم چەمکە توانایی چاوەڕوانی تاک دەردەخا بۆ دەرکەوتن،

یان ڕوودانی پێشبینییەکانی و ئەگەر تاک ئەو توانایيەی هەبوو، ئەوە باش دەزانێ ئەو شتەی هانی دەدا بەهادارە، هەر بۆیەش لەو ڕوانگەیەوە ڕەفتارەکانی خۆی بەرزەفت دەکا، هێزی هاندان توانایی چاوەڕوانی دیاردەکات و چەندە هاندانەکە هێزی زیاتری هەبێ، ئەوەندە توانایی چاوەڕوانی بۆ گەیشتنی بە ئامانجێک، یان دەرکەوتنی ڕەفتارێک لا بەهێز دەبێت و وریایی و بەرگری لای تاک فەراهەم دەکات.

– پێشبینی expectancies، لە بەرڕەو (سیاق)ی بابەتەکەمان لە زۆر شوێن قسەمان لەسەر ئەم چەمکە کرد، کە لای ڕۆتەر زۆر گرنگە تا تاک بە هۆشیارییەوە زانیاری وەرگرێ و فێری هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و دەروونی جودا جودا بێ، پێشبینی وەستاوەتە سەر ئاستی شارەزایی تاک بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکانی و شێوازی بەکاربردنیان و هێنان و بردنیان لە نێو کردارە عەقڵییە باڵاکاندا، بۆ ئەوەی وردیی پێشبینییەکەی بچنێ و دواتر وەک نەخشەی بۆ کێشاوە، یان پێشبینی کردووە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان بێنەوە.

– هەڵوێستە دەروونییەکان psychological situation، بەشێکن لە دنیای دەروونی و دەرەکی تاک کە هەمیشە لە بەرخورددایە لەگەڵیاندا و وەڵامی وروژێنەرەکانیان دەداتەوە، ڕۆتەر پێی وایە ڕەفتار بە تەنیا لە خەسڵەتە کەسییەکانی تاکەوە دەرناکەون و بەتەنیاش لە ژینگەوە پەیدا نابن، بەڵکو ئەنجامی کارلێکی هەردوو ئەم فاکتەرانەیە بەیەکەوە، ئەم پێوەندییە ئۆرگانیکییە لە نێوان تاک و ژینگە توخمی مەعریفە پەرەپێدەدات و هەر ئەوەشە وای کردووە جۆلیان ڕۆتەر زیاتر دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی بێ و تیورەکەشی بچێتە بواری فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە.

من پێم وایە ڕۆتەر لە بەکارهێنانی چەمک و چنینی تیورەکەی خۆیدا زۆر ئابوورییانە بووە و ئەوەندە درێژەی نەداوەتێ و جاری وایە بە دەستەواژەیەک و جاریش هەبووە بە ڕستەیەک ئەوەی تێی گەیشتووە و پێی گەیشتووە ڕوونی کردووەتەوە.

هەموو ئەو چەمکانەی ئاماژەمان بۆ کردن، بەیەکەوە وێنەیەکی کەسێتیمان لە ڕوانگەی ڕۆتەرەوە نیشان دەدەن، ئەو کەسە لە نێو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکە و هەمیشە بەهۆی کاریگەری هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانەوە فێری ڕەفتار دەبێت و بنیادی دەروونی خۆی گەشە و پەرە پێ دەدات.

دوو بابەتی هەرە گرنگی تر هەن کە لە بنچینەدا چەقی بایەخی جۆلیان ڕۆتەرن و دەکرێ بڵێین هەموو ئەو تیما و چەمکانەی پێشەوە بەیەکەوە، یان کەسێتییەکی پۆزێتیڤ، یان نێگەتیڤمان بۆ دەردەخەن.

* ناوەندی بەرزەفت (ناوەکی و دەرەکی- locus of control)، ڕۆتەر هەر بەتەنیا جیاوازی نێوان کەسەکانمان لەو دابەشکارییەی ناوەندی کۆنترۆڵ نیشان نادا بەقەد ئەوەی جیاوازی نێوان شارستانیەتی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتمان لەو دوو جۆرە خاوەنەی ناوەندی کۆنترۆڵ بۆ دەردەخات.

لای ڕۆتەر ئەوەی ناوەندی کۆنترۆڵی ناوەکی بێ، هەردەم لە نێو خودی خۆی و بە پشت بەستن بە بڕیار و تێگەیشتنەکانی خۆی شت و ڕووداوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی هەڵدەسەنگێنێ، ئەوەش کە ناوەندەکەی دەرەکی بێ، ئەوە هەرچی تێی بگا و تێی نەگا دەیخاتە سەر دەرەوەی خۆی و لە خۆیەوە بۆ ڕووداو و بابەتەکانی دەرەوەی خۆی ناجووڵێ، بەڵکو ئەوە دەرەوەیە هەڵیدەسووڕێنن و کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی دەکەن.

هەر بۆیە لای ئەو شارستانیەتی خۆرهەڵات بە جیاوازی کولتوورەکانیان کەسانێک بەرهەم دێنێ کە ناوەندی بەرزەفتیان لە دەرەوەی خۆیانە و وەک وەڵام و پەرچەکردار بۆ دەرەوەی خۆیان هەڵدەسووڕێن، ئەم کەسانە بە مانا وجوودییەکەی ئازاد و سەربەخۆ نین، جوانترین نموونە تاکی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆمانە کە خاوەنی خودێکی نارەسەنە (بەکارهێنانێکی هایدگەری و فرۆمیانەیە)، هەر بۆیەش هەمیشە لە خۆی و دەرەوەی خۆشی نامۆیە و بەردەوام لە ژێر کاریگەری ناوەندەکانی بڕیارە کە لەلایەن ئایکۆنە دەرەکییەکانەوە دەردەچن و نەکراوە بە شێوەیەک پەروەردە بێ خۆی لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ژینگەییەکان دەرخات و بسەلمێنێ، ئەوانی ناوەندی کۆنترۆڵیان دەرەکییە بۆ هەر ڕامان و ڕا وەرگرتن، یان بڕیاردانێک دەچنە دەرەوەی خۆیان، پشت بە بیرکردنەوەی ئازادانەی خۆیان نابەستن، زۆر جاریش لە ناتواناییانەوە نەتوانینی خۆیان دەخەنە سەر دەرەوە و ناتوانن ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆیان بەرزەفت بکەن.

ناوەندی کۆنترۆڵی دەرەکی کەسێکی بکەر و چالاک نییە و توانایی دروستکردن و ئاراستەکردنی ڕووداوی نییە، ئەو هەمیشە لە ژێر قورسایی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی مانا بەرەو دەرەوە ڕادەکات و هۆکارەکان لەسەر خۆی لادەدا و دەیانخاتە سەر سەنتەرەکانی تر لە دەرەوە. کەسی کوردی بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری کولتوورێکی ناوەند کۆنترۆڵ دەرەکییە و ئەو کولتوورە هەمیشە پێی وا بووە تاکەکان پێویستە ملکەچ و بەندەفەرمانانە پەروەردە بن و بۆ ناسین و زانین و

شیکردنەوە و تێگەیشتنی بابەت و ڕووداوە دەرەکییەکان مانای ئامادە لەدەرەوە هەن و تاکەکان دەتوانن بێ ماندووبوون وەدەستیان بێنن.

بەڵام ئەوەی ناوەندی بەرزەفتی ناوەکی بێ خودێکی ڕەسەن و چالاکی هەیە و لەسەر توانایییەکانی خۆی بۆ بیرکردنەوە بڕیار و پێشبینییەکانی خۆی هەڵدەچنێ، دەبێ بە دروستکەر و بنیادنەری ڕووداو و هەر خۆشی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕووداوانە هەڵدەسووڕێنێ و ئاراستەیان دەکات.

شارستانیەتی خۆرئاواش لە ژێر کاریگەری ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی و فەڕەنسی و دواتر مۆدێرنیزم لە ڕووی هزری و کولتوورییەوە گەیشتە ئەو ئاستەی بەشێکی زۆری کۆنترۆڵ بۆ ناوەوەی تاکی خۆیان بگێڕنەوە و چیتر تاکەکانیان چاویان لەسەر ناوەند و ئایکۆنە دەرەکییەکان نەبێ، بۆ ئەوەی بەرەو ناوەوە، یان دەرەوەی خۆیان بجووڵێن و ڕەفتار بنوێنن.

ئەم دوو ڕستەیە [کەسی ناوەندی بەرزەفت ناوەکی+ ناوەندی بەرزەفت ناوەکی] دوو تێگەی جۆلیان ڕۆتەرن و دەیان لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی لە پێناوی دۆزینەوە و پێوانەکردنیان لای تاک ئەنجام داوە.

*** متمانەی کۆمەڵایەتی:** ئەم چەمکە لای ڕۆتەر بەستراوەی هێنانە کایەی تاکێکە خاوەنی کەسێتییەک بێ، بەردەوام لە کۆنتاکت لەگەڵ ژینگە جیاوازەکان و هەردەم لە چاوەڕوانی هاتنە ئارای ئەوەی پێشبینی دەکا لە ڕووداو و هەڵوێستی دەروونی و کۆمەڵایەتی. تاکی ساغ لای ڕۆتەر ئەو کەسەیە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بۆی ببن بە کەش و فەزایەک تێیاندا بنیادی دەروونی خۆی پەرە پێ بدات و دواتر متمانەی بەو کۆمەڵگەیە تا ئەو ئاستە بەرێ ترسی لێی نەبێ و هەمیشە لە نێو کەشێکی متماناویدا بجووڵێتەوە. لای ڕۆتەر کۆمەڵگەی پتەو بریتییە لە بوونی متمانەی کۆمەڵایەتی پتەو لای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و هەر کاتێک متمانەی کۆمەڵایەتیش لە نێو کۆمەڵگەدا لاواز بوو، یان نەما ئەوە شیرازەی کۆمەڵایەتی لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە و مەترسییەکانی پەرتەوازەیی و لاوازی بنیادی دەروونی یەخەی تاکەکان دەگرێ و زۆربەیان ناوەندی بەرزەفتیان تەسلیمی دەرەوەی خۆیان دەکەن و لە لایەن کەسان، یان ئۆرگانی دەرەوەی خۆیانەوە بەڕێوە دەچن، ڕاستییەکەی ئەوەش ونبوونی خودە و بەمانایەکی تریش دۆڕاندنی سەربەخۆیی و ئازادی ئیرادەیە.

نیشانەی بەرزەفتی دەرەکی و بێ متمانەیی کۆمەڵایەتی لە تاک و کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بە زەقی دیارە و عورفی بەهایی و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی و کولتوورمان تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ هەر لەسەر ئەو ڕێچکە نامۆ و ناڕەسەنە کەسێتی کوردیمان بۆ دێنێتە ئارا، ئەوەی سەیرتریشە لە سرووتی جۆراوجۆردا ئەم نەمەتییەت و ستریۆتایپە کلاسیکەیە کە بە پێوەرە زانستییەکان زۆر دواکەوتوو و کۆن و بەسەر چووە، هەر پیرۆز ڕاگیراوە.

متمانەی کۆمەڵایەتی لای جۆلیان ڕۆتەر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دوو چەمکەکەی ناوەندی کۆنترۆڵی ناوەکی و دەرەکییەوە، کولتوورێک تاکەکانی لەسەر خودکۆنترۆڵی و هۆشیاری بە خود ڕابهێنێ و ئەم شێوازە لە پەروەردە لە چوارچێوەی سیستەمێکی پەروەردەیی دابڕێژرێ و نەوە دوای نەوە لە پرۆسەکانی سۆسیالیزەیشندا بگوازرێنەوە، کولتوورێکە ئازاد و بە ئاگا و هەردەم دەتوانێ بە هۆشیارییەوە کەسەکان بکاتە خاوەنی خۆیان و لە ژێر هەژموونی زەمەنی میتۆلۆژی و بازنەیی خۆرهەڵاتی بیانباتە دەر و بیانخاتە سەر ڕاستەهێڵی زەمەنێکی ڕاستین.

لای ڕۆتەر متمانەی کۆمەڵایەتی مەرجێکی بنچینەیی و وجوودییە بۆ ژیانی هاوبەش و مانەوەمان بە بوونەوەری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکانماندا. ئەم متمانەیە تەنیا لە کەشی ئازاد و لای تاکی ئازاد پەرەدەسێنێ و گەشە دەکا، هەلومەرجە دەروونییەکانی کە ڕۆتەر جەختیان لێ دەکاتەوە لە ئەنجامی کردەکانی هاندانی کۆمەڵایەتییەوە ساز و لەبار دەبن و هەر بەم شێوەیەش تاکەکان دەتوانن، یان باشتر وایە بڵێین فێردەبن چەندان ئەگەر بۆ هاتنە دیی ڕەفتارەکانی خۆیان دابنێن و باشترین پێشبینی لەسەر بنەمای زانیاری ڕاست و دروست بۆ دەرکەوتنی ڕەفتاری پەسەند بکەن.

**سەرچاوەکان:**

**١- فیست، جیست و فیست، گریگۆری، (٢٠٠٢). نظریه های شخصیت، مترجم: یحیی سید محمدی، نشر روان، چاپ سوم، تهران.**

**٢- برافین، لورانس، (٢٠١٠). علم الشخصیة، ت: عبدالحلیم محمود السید واخرون،المرکز القومی للترجمة، ط١، القاهرة.**